# ئاگربەردان لە سومبول یان پشتگوێخستنی سومبول؟
# خۆپیشاندانەكانی هەڵەبجەو هەندێ ووتار.

ئاسۆعەبدوللەتیف

لە ناو گەرمەی رووداوەكانی هەڵەبجەو كۆی ناڕەزایەتیەكان و خۆپیشاندەرانەوە دەكرێت بەدەر لە عاتیفەی سیاسی و گوتاری باوی تەقلیدی حیزب و حكومەتی كوردی قسە بكەین و هەندێ مانا هەڵێنجێنین لە دۆخی پاش سوتانی ئەو مینۆمێنتەی كە ناوی لێ نراوە قودسیەت و رەمزیەتی قوربانیانی هەڵەبجە، ئەگەرچی خەڵكی هەڵەبجە ئەوەندە پێی دڵخۆش نەبوون و نەیانكردۆتە مەحرەم و مەقدەس و شوێنگای پیرۆزی خۆیان چونكە ئەوەندە لێی نەحەساونەتەوەو ئاسودە نەبوون پێی وە رەنگە بۆ سوتاندنەكەشی هەر پێی دڵخۆش نەبووبن، دیارە بۆخۆی فەلسەفە لە رەمزیەت و سومبولخوازیدا بە سادەترین شێوە ئەوەیە كە خاوەن رەمز خۆش بژی و خاوەنی هەموو شتێكەو خاوەنی هەر روفاهیەتێكە كەلە مەقدەسەكەدا هەبێت نەك بە پێچەوانەوە، لە هەڵەبجەدا جگە لەوەی كە ئەو مینۆمێنتە ئەوەندە جوان و سەرنجراكێش دروستكرابوولە فەرش و كاشی مەرمەڕمەڕو بەردی گرانبەهاو راقی، بەپێچەوانەی خاوەن ماڵەكانی هەڵەبجە ژیانی سادەیان لە كەلاوەدا بەرێ ئەكردو تاوە تاوەش وەفدە بێگانەكان ئەهاتنە ئەو مینۆمێنتەو ئەگریان و راستەوخۆ ئەرۆشتنەوە بێئەوەی زەڕەیەك ژیانی ئاسایی هەڵەبجەییەكان بگۆرێت بە ئاقارێكی باشتردا و تا دەهاتیش دەسەڵات هەڵەبجەی پشتگوێ ئەخست بێ ئەوەی كەس هۆكارەكەی بزانێت، ئەوەتا یەكێك لە دروشمەكان كە من لە سەر لافیتەیەكی رەش و لە نێو خۆپیشاندەراندا خوێندمەوە لێی نوسرابوو(هەڵەبجە قاسەی كورد بوو..پارەی دنیای لەسەر خورا.. 18 ساڵە شەهید بووە..تا ئێستا هیچی بۆ نەكرا) من لەگەڵ هیچ كارێكی تێكدەرانەو سوتاندندا نیم وەك ئەوەی روویدا بەڵام خەڵكی خۆپیشاندەری دڵگەرم بەدیلێكی دیكەیان پێ نەبوو لەكاتێكدا سادەترین داواكارییان پشتگوێ خرا كە نابێ ئەمساڵ مەسئول بێتە ژوورەوە، باشە كفر دەبوو یان ئاسمان كەچ ئەبوو كە ئەمساڵ مەسئولین ئەو سەیرانەیان نەكردایەو نەهاتنایەتە ژوورەوە؟ یا بەڵێنێكی كەمتریان بدایە بەخەڵك، ئایا نەدەبوو؟ كە دواتر ئەم داوا سادەیە بە تەقەیەك وەڵامدرایەوە كە تەقەی هاوشاریەكان و هاوحیزبیەكان و ئاسایشەكانی هەڵەبجە نەبوو بەڵكو تەقەی ئەوكەسانەبوو كە لە دوورەوەڕا هێنابونیان و تەنانەت نەیانئەزانی حورمەتی گڵكۆیەكی ئاسایی چییە نەك گڵكۆی شەهیدانی كیمیاییباران و ئەوەبوو لە حەرەمی مینۆمێنتەكەدا كرایە فیشەكباران كە ئەمە سەرەتای قڵیشانەوەو تەقینەوەكەبوو، كە بەداخەوە ئەوەی كە شەهیدو بریندار بوون لاوانی خوێنگەرمی هەڵەبجە بوون و سەربە هەموو لایەنەكانیش بوون و ئیدی پێویست ناكات بە بێ بەڵگە لایەنی دەرەكی و دەستی تێكدەر بهێنینە ناو كێشەكەوەو وای دەر بخەین كە ئەوە داواكاری خەڵكی هەڵەبجە نەبووەو هەڵەبجەییەكان بەدوور بوون لێی؟

خەڵكی هەڵەبجە بە سكی برسی و بە كەلاوەی رووخاوەوە نایەوێت تەوتەم و ڤێلایەك هەبێت و تەمسیلی هەڵەبجەییەكان بكات و هەموو ساڵێك بێتە خەفەتگای ئازەراكانیان، ساتەوەختی كەسی خۆپیشاندەر ساتەوەختی گڕتێبەردانی سومبول و پیرۆزیەكانی شەهیدان نییە بەڵكو ساتەوەختی تۆڵەیەكە لەو دەسەڵاتە خەوتووەی وا ئەزانێت بەڵێن هەموو شتێكە، ساتەوەختی ناهۆشیاریش نییە كە ئەدرێتە پاڵ كوڕە راپەریوەكانی شار بەڵكو ساتەوەختی تەقینەوەی سایكۆلۆژیەتێكی بریندارو بیماری هەڵەبجەییەكانە كە چەندین ساڵە بە عەزابەوە ژیان ئەگوزەرێنن و شارەكەیان كراوەتە ساغكردنەوەی ململانێ سیاسیەكان و شانشانێنی حیزبی و ئەوەی بەرەكەتی دەستی حیزب بێت نەماوە بۆ ئەو شارەو خەڵكی تا دوا ئاست بێ ئومێدبوون لە دەستە حیزبییەكان،

دیارە قسەو لێدوان زۆركراو ووترا لەسەر سوتان و ئاگر تێبەردانی مینۆمێنتەكەی هەڵەبجە، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر لێدوانی حكومەت بوو لە زاری جێگری سەرۆك وەزیرانی حكومەتی سلێمانی كاك عیماد ئەحمەد و هەندێ پەیامنێرو رۆژنامەوانی فەرمانبەر بەوەی كە كۆمەڵێك تالانچی و گێرە شێوێن هەستاون بەم كارە، كە لە راستیدا وا نییەو وورد بوونەوە لەم قسەیە رامان ئەكێشێت بۆ ئەوەی كە بڵێین بەپێی ئەم تێزەی حكومەت و بڕە رۆشنبیرەكانی بێت ئەوا ٪50ی خەڵكی شاری هەڵەبجە گێرە شێوێنن بۆیە ئێمە هیچیان بۆ

ناکەین،چونکە حکومەت و یەکێتی و پارتیش باش ئەزانن زیاتریش لەو ڕێژەیە لە ناو کاروانی خۆپیشاندانەکاندا بوون کەواتە هەموویان تێکدەر بوون، کە ئەمەش دوورە لە لۆجیکەوە؟ ئینجا کە ئەوترێ شتمان بۆکردوون بەڵام خەڵکی هەڵەبجە کوێرن و نایبینن و چاویان بەر ژەهر کەوتووە (قسەی ڕۆژنامەوانێکی حیزبی سەر بەدەسەڵات) بەڵام بۆ ناڵێن گوناهی ئەو شارە چییە کە قەدەری وابوو بکەوێتە بەر ژەهرو کاول بێت و تەختی ئەرز بێت و ژیانی تیا نەمێنێت، دیارە بەتەنها هەڵەبجە پێوەی دیار نییەو نایبینن، ئەوەنییە ئەو هەموو بیناو ڤێللاوسەدان هەزار خانوو شوقانەی کە شاریان تەنیوە؟ ئەو جادە قیرانەی کە ئاوی چاو ئەباو وەکو ڕەشمار پێچاوەتە گەردن و ملی شار، ئەوە بۆ نایبینن ئەی هاوار خەڵکی هەڵەبجە!! نوسەرێك ئەڵێ شت زۆرکراوە بۆ هەڵەبجە ئەی ئەوەنیە لە کانی پانکەو زەرایەن و پێنجوێن عەربەت ئەوەمان کردو ئەوەمان کرد،جا توخوا ئەوە هەڵەبجەیە؟

عاجباتی حیزب و دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە هەروەکو شارەکانی تر دەستی ئاوەدانی بۆ هەڵەبجە درێژ ئەکات و منەتیشی بەسەردا ئەکات و دەڵێن کە هەڵەبجەییەکان ڕاست ناکەن شتیان بۆ کراوە ئەی ئەوە نییە چوار پۆل لە فلان گوندو بنکەیەك لەوێ و سیاجی پەیمانگایەك و ناشتی چنارێك و بردنەوەی جادەیەکی خۆڵ و چی و چی..لێرەو لەوێ، کە سەدان کیلۆمەتر لە هەڵەبجەوە دوورن، دیارە باکگراوندی سەرجەم ئەو لێدوانانەی کە خەڵکی هەڵەبجە بە تاوانبار ئەزانن کە گێرە شێوێنیان ئەنجامداوەو ئەبێ دادگایی بکرێن و ئەیانگرن و سجنیان ئەکەن،کە ڕێزدانانێن بۆ سومبولی قوربانیەکانیان وئاگریان لە شارستانیەتی خۆیان بەردا، پڕیەتی لە نالۆژیکیەتی حیزبی کوردی و پڕیشە لە هەژاری و کوڵەواری حکومەتێك کە ئەجێندای ئاوەدانی و عیمرانی بەو شێوەیە ڕێك بخات، سەرجەمی ئەو قسانە قسەی پشت دەسەڵات و لێپرسراوە بەرپرسەکانن لە دۆسیەی هەڵەبجە کە ئەوە ماوەی 18 ساڵە هەڵەبجە ئەگریەنن و شینی بۆ ئەکەن، کەچی تورەش ئەبن و خۆپیشاندەران بە گێرە شێوێن وەسف ئەکەن، باشە ئەپرسم سوتان تاوانە یان 18 ساڵ پەراوێزخستن و پشتگوێخستن؟ خەڵکی هەڵەبجە ئامادەیە لەسەر سوتانی ئەو یادگارە دادگایی بکرێت بە مەرجێك ئێوەش لە کەمتەرخەمی 18 ساڵەی هەڵەبجەدا دادگایی بکرێن و بێ بەڵێنیەکانتان ببینن؟ ئەوترێت هەڵەبجە پێوەی دیار نییە ئەگینا زۆری بۆ کراوە، بەڵام من ئەڵێم ئەی بۆچی بە کۆیەو هەولێرومەسیف و سلێمانی و چوارتاوە دیارە لەگەڵ ڕێزم بۆ دانیشتوانی ئەو شوێنانە و ئەوانیش حەقیانە بەڵام ئەم جیاکاریە بۆچی و لە پای چی؟ دیارە ئەوان ئەندامی (م س)یان هەیەو هەڵەبجەش ئەندامی مەڵبەند،

پاشان بۆ ڕاگرتنی بەلانس حکومەت بە قەڵەمی کاك جەمال عەبدوڵا لە کوردستانی نوێی 15 و16و17ی 3ی 2006 بە سێ بەش زۆر بە موسەیتەری ئەڵێ زۆرشت بۆ هەڵەبجە کراوە، باسی ئاوەدانی ئەم شوێنانە ئەکات و بە خەڵکی هەڵەبجەی ئەفرۆشێت، وەك ئەوەی بە هەزاران قات توان دووی ئەم شتە کەمانە بۆ سلێمانی و هەولێر نەکرابێ کە فیشەکێ بەر ماڵ و تۆپێ بەر جادەیەکیان نەکەوتووەو هەرچی ئاوەدانیش هەیە ڕووی تێ کردوون، دەڵێت: چەند گوندێکی ناوچەی هەورامان بەڵام دەستنیشانی ناکات بێ ئەوەی پەیوەندی بە هەڵەبجەوە هەبێت، ڕێگای سەید سادق– جادەی کۆن، دروستکردنی دوو خانوو بۆ پاراستنی قەیاغی تووە قووت، دروستکردنی قەیاغی تووە قوت لەگەڵ کرینی ماتۆر(کە بۆ خەتی ئینسحابی عەسکەری و شەری ئەهلی دروستکرا)یان ڕێگای بێژاوا – ئیمامی زامن( کە بۆ هەمان مەبەستی جەنگ دروستکرا) ڕێگاکانی سازان و باوە کۆچەك و هاوارو زەردەهاڵ و عەبابەیلێ و تەنگی سەید محمد و نووەر کە پێشتریش هەر هەبووەو خەڵکی هەڵەبجە لە کیمیاییەکەدا لەو شوێنانەوە دەرچوون( بەڵام ئەم جادە ساردووسڕانە بۆ جەنگ کران یان بۆ تیجارەت و حەرەکەی بازرگانی) کە بە تەحەداوە هەڵەبجە کەسیشی تێدا نەژیایە حکومەت ئەو جادە خۆڵانەی هەر ئاوەدان ئەکردەوە بۆ خاتری خاتران، بەڵام لە کاك جەمال و حکومەت وایە کە ئەو ڕێگانە هەموو کراون بە دوو سایدی ئۆتۆبان و ئاڵتوونی، خەڵك نازانێت هەموویان پڕ لە چاڵ و چۆڵ و قوڕو لیتەن، کە زۆرێکیشیان سەر بە هەڵەبجە نین، جا خۆش لەوایە سنوری شارەوانی هەڵەبجە لەو نوسینانەی کاك جەمالدا جوگرافیاکەی ئەوەندە گەورەو فراوان کراوە خەریکە سنوری سلێمانی لە باشوورو سنوری ئێران لە باکور ئەبەزێنێ، ئینجا سەیری ئەم پرۆژانەی حکومەت بکەن و حوکم بدەن کە بۆ هەڵەبجە کراوە لە ماوەی 18 ساڵدا: خوێندنگەی 6 پۆلی جەلیلە، خوێندنگەی گردی گۆو ئاوایی ڕۆستەم بەگ، 6 پۆلی بەشارەت، قوتابخانەی سالم، کانی پانکە، هانەی دن، خوێندنگەی 12 پۆلی و 18 پۆلی لە هەڵەبجە(بلێن ماشەڵا) 6 پۆلی لە عەبابەیلێ، 6 پۆلی لە پریس و خانوی کارمەندێك و دروستکردنی خوێندنگەی 6 پۆلی لە کێلە کەوە – گوڵەخانە ودروستکردنی دوو ژوور و قاعەیەك بۆ گۆرستانی گوڵان، توخوا ئەمانە خزمەتگوزارین بۆ هەڵەبجەیەك کە بەردی بەسەر بەردەوە نەمابوو؟ ئایا شارێك بچوکترین زیانیشی بەرنەکەوتبێ هەر ئەوانەی بۆ ناکرێت؟ ئەی بۆ زانکۆیەکتان نەکردەوە؟ بۆ

**باڵەخانەیەکی گەورەتان نەکردەوە؟ 10 ئوتێلتان بۆ دروست نەکرد بۆ میوانەکانتان تا شەوێ لە هەڵەبجەی شەهیدو ناسنامەکەی گەلی کورد بمێننەوەو بەخێرایی تیشك نەیانبەنەوە بۆ سلێمانی؟ ئێوە تەنانەت مقەری حیزبەکانی خۆشتان بۆ دروست نەکرا ؟ ئاوی ئەحماواتان بۆ تەواو نەکرا؟ مەعمەلێکتان بۆ نەکردەوە لەو سەدان مەعمەلەی کە لە سلێمانی و کۆیەو هەولێر بنیادنرا؟جادەکانتان بۆ قیرتاو نەکرا؟ خانوەکانتان دواخست کە ئێستا دۆسیەکەی کەس نازانێ چەند تۆزی بەسەرەوەیە؟ ئەمانە پرۆژەن نەك ئەوانەی کە کاك جەمال باسیان ئەکات و لە هەڵەبجەدا نین و لە زۆربەشیان نوسراوە لە جێبەجێکردندا نین،یان ئەم پاساوانە هەر زمانی ریزکردنەو خۆڵەو ئەیکەنە چاوی هەڵەبجەییەکان و رای گشتی، ئێستا زانیتان مینۆمێنتەکە بۆ گری گرت و بۆ سایکۆلۆژیای هەڵەبجەییەکان بۆ تەقیەوەو پەتی تەحەمولیان پچراو ئەوەی ویستیان کردیان کەواتە ئەوەی کرا کار نەبوو بەڵکو کاردانەوەیەکی جوامێرانەبوو، هەر ئەو رۆحیەتە بوو کە مەشخەڵی خۆپیشاندانەکەی ساڵی 1987 ی ئاگرتێبەرداو کاکە مەریوان شەهید بووکە ئەو کات ئەوترا ( بە خوێنی پاکی مەریوان سووربووە جادەو کۆڵان) و بەعیسیەکانیش بێ رەحمانە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردوو گەرەکی کانی عاشقانیان تێکداو یەکەمین پرۆسەی زیندەبەچاڵیان دەستپێکرد لە گوندی بامۆکی پشت هەڵەبجەو بریندارەکانیان بە زیندوویی ژێر خۆڵ کرد، بۆیە ئەم خۆپیشاندانەی ئێستاش ئەوپەری پەیامی راستگۆیانەی لاوانی هەڵەبجەبوو تا دەسەڵات بەخۆیدا بچێتەوەو چیتر سومبولێك پشتگوێ نەخات کە بوویە رەمزو ناسنامەی گەلی کوردو ئەوەندەش بەکەم سەیری قوربانیەکانی ئەو شارە نەکات چونکە کەس نییە بەقەد هەڵەبجەییەکان شارستانیەت و سومبولی قوربانیانی خۆیان خۆش بوێ و هەر خۆشیان بەکەڵکی خۆیانەوە دێن نەك کەسی دیکە.**